ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-12-2007 22:46بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## باشتروایە پەکەکە قەندیل بۆ پەژاک چۆڵکات و تێکۆشانی چەکدارانەی بگوازێتەوە بۆ قوڵایی باکووری کوردستان ... مەهدی کاوانی

بزاڤی چەکداری کورد لە هەر چوار پارچەکاندا لە شۆڕشە یەك لە دوایەکەکانی کورداستانی باکوورو کۆرپەلەی مەهابادو شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمرو بزوتنەوەی بارزانیەکان و شۆڕشی ئەیلول و نوێی ئەم جارەو سەرهەڵدانی بزاڤی سیاسی و چەکداری لە ڕۆژهەڵات و باکوور (دیموکراتی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و پارتی کرێکارانی کوردستان و هی تریش)، مێژوویەکی زیاتر لە یەك سەدەی تێپەڕاندووە.



ئەو بزاڤە چەکداریانە وێڕای هەموو کەم و کورتیەکانیان، کەسمان ناتوانین عومقی سیاسی و نەتەوییان پێ نەبەخشین، یان ئەوە بڵێین کە ئەو سەرهەڵدانانە خۆڕسك نینەو دوورن لە بەرژەوەندی و داخوازیەکانی کوردەوە. قسەم لە سەر ئەوەوە نیە کە بڵێم ئەو بزاڤانە چەندیان پێ کراوەو نەکراوە، یان تا چەند بڕیان کردووە. بۆچوونی حیزبی لە کوردستانی باشوور ئەو ڕاپەڕینە مەزنەی بەهاری ساڵی ١٩٩١یان زیاتر بە دەسکەوتی حیزبی پێناسە دەکرد نەك جەماوەری. ئەگەر چی ئەو لێکدانەوانە لە ڕاستیدا ڕێك بە پێچەوانە دەبینرا، چونکە شۆڕشی نوێ لە سەر ئەرزی واقیع نەمابوو و تووشی نسکۆ هاتبوو وئەوەی لێشیان مابوونەوە و گەڕانەوە کوردستان بۆ بەشداری کردن لە ڕاپەڕین، ژمارەیان لە ١٠٠٠ کەس تیپەڕ نەدەکرد بە هی هەموو پارتەکان و نیوەی ئەو ژمارەیش بە فعلی لە ناو ڕاپەڕیندا نەبوون، کەچی ئەو ژمارە کەمە توانیان بە پاڵ ئەو جەماوەرە فراوانەو خۆ نەویستەدا سەرکەتن بە دەست بهێنن. لە سیاسەتدا بەو جۆرە کارانە دەوترێ وەرچەرخانی مێژوویی، کە بەدوایەوە ئەزموونی فەرمانڕەوایەتی کوردی باشووری لێ کەوتەوەو بۆ ئێستاش درێژەی هەیە. بەڵام ئەگەر بگوترێ ئەو وەرچەرخانە مێژوویە حیزبە کوردیەکان دروستیان کردبێ، بە نەخێروەڵام دەدرێتەوە. حکومەتی سەدام حوسێن هەڵەی کردو پەلاماری کوێتی داو بە دوایەوە لێدانی کوشندەی هاوپەیمانانی پێ کەوتو لە کوێت دەریان پەڕاندو پاشان فەڕاغی ڕاپەڕینی لە باشوورو باکوری عیراق هێنایە پێشەوەو جەماوەری کورد نەترسانە خۆی دایە پاڵی و لە ڕێگەیەوە ئەزموونی کوردی باشور دروەست بوو. بە ڕوخانی سەدامیش لە لایەن ئەمەریکاوە، بە دوایەوە چەندەها هەنگاوی تریش ئەزموونی کوردی باشوور چووە پێشەوە. ئەگەر هەندەك بۆ دواوەش بگەڕێینەوە، دەبینین بەشی هەرە زۆری شۆڕشەکانی کوردی باکوورو شۆڕشی مەهابادو شۆڕشی کوردەکانی ئێران دوا بەدوای ڕووخانی شا، هەمدیسان وەرچەرخانی مێژوویی دروستی کردوون. ڕژێمی تورکیاش ئەوەندەی بە ئەزموونی کوردی باکوور تەنگەتاو بووە، دوو ئەوەندەش لە ترسی ئەوە دایە لە ڕێگای لێدانی ئەمەریکا لە ئێران ئەزموونێکی تری کوردیش لەوێ دروست ببێ. ئەمەریکاش لە بەر چاوکاڵی کوردی نیە کە هاودۆستایەتی لە گەڵیان دەکات بەلکو بۆ بەرژەوەندی خۆیەتی. ئێستاکە وەك دیاردەکان وەها خۆی نیشان دەدات، ئەمەریکا لەو ڕیوشوێنەدایە کە ناوەندێکی وەها لە نێوان کوردەکان و تورکیا دروست بکات تا وەکولە ڕیگەیەوە بەرژەوەندیەکانی لە ناوچەکە بهێنیتە دی. ئەگەر کورد هەروا بمێنیتەوەو لە لایەکەوە پەرە بە ئەزموونی کوردی باشوور نەدات و بازنەی تێکۆشانی نەتەوایەتی لە پارچەکانی ترفراوان نەکات، ئەوا لە ڕێگای ئەو هەمو دوژمنە ئەقلیمیانەی لە ناو بازنەی هاوکێشەکانی ناوچەکە وەدەر دەهێنرێ. بەڵام ئەگەر خۆی بۆ حالەتی ئامادەباشی ئامادەکردو چاوەڕوانی وەرچەرخانی باری ئێران بێت، ئەو کاتە لە جیاتی ئەزموونێکی کوردان، دووان دەبێت و لە لایەکەوە لە لایەن نەیارانیەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بە زەحمەت لە ناو دەبرێ وەلە لایەکی تریشەوە پرۆشکی خۆی دەپەڕێنێتەوە ناو تەواوی کوردستانی دایك و پاشان ڕۆڵی کورد لە ناوچەکە دە ئەوەندەی تر بەهێز دەبێت.

خیتابی سیاسی دەسەڵات کە ئیستاکە بە تایبەتی دوا بەدوای ئەو تەنگژیەی تورکیا نایتەوە، کە خۆی لەوە دەبینیتەوە کە دەبێ هەموو شت بکەینە قوربانی ئەزموونی کوردی باشوور خیتابێکی هەڵەیەو بە هیچ شێوەیەك لە گەڵ خیتابی سیاسی دەرەوەی دەسەڵات و ڕەوەندی کورد یەك ناگرێتەوەوبە درێژە کیشانی لە ئینتحاری سیاسی و لە ناو چونی ئەو ئەزموونەش بەولاوە هیچی تر ناگەیەنێ. هەرەس هینانی ئەزموونەکانی پێشتریشمان بەشە هەرە زۆرەکەی لە بەر ئەوەوە بووە کە وەرچەرخانە کوردیەکان بەشبەشی بووەو دواتر لە لایەن دوژمنانەوە بە ئاسانی گەمارۆ دراوەو لە ناو بردراوە. فەلەکەدین کاکەییش دوو سال بەر لە ئێستای لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا ئەو ڕاستیانەی دەسەلماند. بەڕێز جەوهەر نامیقیش سەرۆکی پەرلەمانی پێشوو لە نوسینەکانی کە لە سایتەکان بلاّ بوونەتەوە نزیکیهەمان مانا دەیانگرێتەوە. لێدوانەکەی بەڕیز سالار عەزیزیش (٣٧٤/هەفتەنامەی هاوڵاتی) تیایدا لێدوانی واقیعیانەی خۆی وتووخوازیاری ئەوەیە کە پەکەکە قەندیل چۆل کات و تیکۆشانی چەکدارانەی خۆی بخاتە ناو قولایی کوردستانی سەر بە تورکیا. بەلاّم ئەوەی جیگای نیگەرانیە پیداچوونەوەی زۆر لە نوسەری حیزبین، ئەوان وەك ئەوە وانە کە لێدوانی هەندی لە سەرکردەکوردیەکان کە لەوانەیە لیدوانەکانیان لە ژێر گوشار یان کاری دبلۆ ماسی بێت وەك دەڵێن ئاگرە سوورە لە خۆمان دوور خەینەوە. کەچی ئەو نوسەرە بەڕێزانە بێ ئەوەی بیر بکەنەوە کە جۆرە نوسینی وەها چەندی لە بەرژەوەندی کوردەوەیە یان لە بەرژەوەندی خودی سەرکردەکان، دێن دەیکەنە دەق و بە دوایەوە لیدوانی لە سەر دەکەن تا وەکە شەقامی کوردی پییەوە ڕازی بکەن. لێرەدا من نامەوێ بچمە ناو بنج و بناوانی ئەو بابەتانەو باس لە زۆرانیان بکەم، بەڵکو تەنیا نمونەیەك بە نوسەرێکی حیزبی بە ناوی کاروان ئاکرەیی دێنمەوە کە بابەتێکی لە هەفتەنامەی گوڵان (ژمارە ٢٣٤٠/سێشەممە/١٨ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧) دابەزاندووە بە ناوی لێدوان. من ئەو هەقە دەدەمە کاکە کاروان، پێویستە پەکەکە قەندیل چۆل کات و لە ناو خاکی هەرێم گیروگرفت دروست نەکات، بەلاّم کاکە کاروان چۆنچۆنی شەرعیەت دەداتە دەسەلاتی هەریمی کوردستان بە هۆ بێت یان بێ هۆ بە ناوی عیراق سنوری بۆ دادەنێ ودەڵی نابێ کەس بە ناوی سۆزی نەتەوەیی پێشێلکاری بکات، دەبوایە هەمان مافیشی بە پەکەکە دابا کە ئەوان بۆ خۆیان سەرپشك بن چ جۆرە خەباتێك بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن. پێم وانیە کاکە کاروان ئەگەر قسەکانی جوینەوەی دەقەکان نەبێت کابرایەك بێت دیدی بۆ شتەکان نەبێت، ئەگەر لە بەر چ نەبێت لە ناو شوعیەکان بووەکادیریان بووە، خۆ دەبێ چوار قسە لەوان فێر بووبێت. دیدی پەکەکەی ئێستاش دیدی هەشتاکانی سەردەمی شاخ نیە بەلکو زۆر گۆڕانکاریان بە ڕەنگی سەردەم بە سەردا هاتووە و ئێستاکەش لە بەر خاتری دەسەلاتی هەرێم زۆر شت دەکەن تاوەکو تورکیا پەکەکە نەکاتە مەبەست بۆ لیدانی هەرێم. دەبی ئاگاشت لە بەردانی ئەو ٨ سەربازە تورکیە بوو لە سەر داخوازی بەڕێزان مام جەلال و مەسعود بارزانی و ئەمەریکیەکان. لە بەردەم هەموو کەنالە مەرئیە جیهانیەکان. بەڕاستیش جۆرە کاری وەها نامەیەکە کە پەکەکە ئاشتی خوازە نەك تیرۆریست. تورکە فاشستەکانن لە ڕەنگی سەردەم ناگەن نەك پەکەکە بە قسەی کاروان. برا گیان ئەو تێکەڵ و پیکەڵیەش لە نێوان بەرخوردان لە پیناو ڕزگاری نیشتمانی و ئەوانەی لە ناوخەلکی سڤیل خۆیان دەتەقێننەوە. حەزیشم دەکرد کاکە کاروان نمونەیەکی کوردی لە خەباتی زیاتر لە یەك سەدەی چەکداری بهێنابایەوە کە لە بەر خاتری کورد دەستیان لە خەباتی چەکداری هەڵگرتیە. ماوەتەوە بەکاکە کاروان ئاکرەیی بڵێم ئەگەر پەکەکە بێ قەیدو شەرت و بێ ئەوەی کێشەی نەتەوایەتی کورد لە تورکیای ٣٠ ملیۆن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردی بۆ خاتری نیوەی کوردستانی باشووربکا لە ئینتحاری سیسی و نیشتمانی بەلاوە هیچی تر ناگەیەنێ، نەك هەر تەنیا بۆ پەکەکەو بزاڤی کوردی باکوور بەلکو بۆ عەزموونی کوردی باشووریش. بەڕای من ئەگەر دەسەلآتی کوردی ئێستا لە جیاتی ئەوەی داوا لە پەکەکەو پەژاك بکات کە بێ قەیدو شەرت چەك دانێن و خەباتی سیاسی بکەن، لە جیاتی ئەوە تواناکانیان بۆ ئەوە بەکار بهێنن کە پەکەکە بە ئاشتیانە قەندیل چۆل بکات و تێکۆشانی چەکداری بباتە ناو قولآیی کوردستانی ئێران و تورکیە، کۆتاییەکەی بە قازانجی کورد دەکەوێتەوە. گەر سەرنج بدەینە لیدوانەکانی بەڕێز مەسعود بارزانی بەر لەو تەنگژیەی ئێستا کە لە کەناڵە تەلفزیۆنیەکان ئاخاوتنی دەدا زیاتر مەبەستی لەوەوە بوو کە بیانۆ نەدەینە تورکەکان بەوەی کە دەبێ پەکەکە چالاکیە چەکداریەکان و بنکەکانی لە کوردستانی باشوور بگوازێتەوە. بە قەناعەتی خۆم ئەگەر دەسەلآتی کوردی خۆی نەهاوێتەخانەی دژیان بە قازانجی تورکەکان، لە ڕێگەیەوە ئەوان ئەو داوایەی حکومەتی هەرێم جێ بەجێ دەکەن. هەق وایە ئەو داوایە پەژاك نەگرێتەوە، چونکە ئەوان تیکۆشانیان لە دژی ئێران ئەنجام دەدەن نەك تورکیا. بۆ کاری وەهاش نەك ئەمەریکا پێیەوە نیگەران نابێت، بەڵکو پیشوازی لێ دەکات.

مەهدی کاوانی/ بەریتانیا/٢٠٠٧/١١/٢٨
Mahdikawani@yahoo. co. uk

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.